## هونەری گرافیك

هونەر: هونەر بریتییە لە دەربڕینی بەرجەستەی داهێنان لە کلتووری کۆمەڵگە مرۆییەکاندا. پێکهێنە سەرەکییەکانی هونەر بریتین لە: هونەری بینراو، بە هەموو بەشەکانی بیناسازی و سیرامیك و وێنەکێشان و فلیمسازی و وێنەگری و پەیکەرتاشی . هەروەها هونەر ئەدەبیش دەگرێتەوە: بەهەموو بەشەکانی خەیاڵ و دراما و شیعر و پەخشان و شانۆنامە، هەروەها هونەرەکانی نواندن: وەك سەما و مۆسیقاو شانۆگەری. بەگشتی، هونەری گرافیك بەشێکی گرنگی هونەرە. پێناسەی هونەری گرافیك لێکچوونی هەیە لەگەڵ پێناسەی هونەرەکانی زەخرەفەو نەخشاندن، ئەو هونەرانەی بەبەکارهێنانی هەرکەرستەیەك خەیاڵ و داهێنان برهەم دێنن، لە خەیاڵ و داهێنانی تاکە کەسەوە بەرهەمدێن، پێناسەی ئەم هونەرانە، بەشێکە لە پێناسەی هونەری گرافیك.

## پێناسەی هونەری گرافیك:

گرافیك لەرووی دەستەواژەوە لە وشەی گرافیکسو ی یۆنانییەوە هاتووە، ئەو وشەیە واتای نووسین و وێنەکێشان دەگەیەنێت. وشەکە بنەمای هونەری گرافیکی کۆنە، دەکرێت لە پێناسەی هونەری گرافیکدا بڵێین: بریتییە لە کۆی ئەو هونەرە جوان و جێبەجێکارییانەی کە بەبەکارهێنانی ئامرازی تایبەتەوە وێنەو نووسینی هەڵکەنراو یان چاپکراو بە ڕووتەختێکی وەك کاغەز یان قوماش یان تەختە یان دیوارەوە دەلکێنێت، هەروەها ئەم هونەرە توخمە وێنەییەکانی وەك نووسین و وێنەو جیاوازیی ڕەنگ و جیاوازیی ریتم لە کتێب و ڕاگەیەنراوو ریکلام و ناونیشانی فیلم و هاوشێوەکانی دەگرێتەوە. هەندێك لە سەرچاوەکان پێناسەی گرافیك تا ئاستی لێڵی و ناڕوونی فراوان دەکەن. چونکە هەموو هونەرێکی دوو دووری دەگرێتەوە، وەك: چاپەمەنی و نووسین و دیزاینی گرافیکی و بۆیەو وێنەگری فۆتۆگرافی، لەکاتێکدا ئەم هونەرە بەلای هەندێکی ترەوە هونەری گرافیك تەنیا ئەو نموونانە دەگرێتەوە کە لە سکە دەدرێن یان چاپ دەکرێن.

بنچینەی مێژوویی هونەری گرافیك: ناکرێت وردەکاریی پێناسەی هونەری گرافیك بەبێ ڕۆچوون لە بنچینە مێژووییەکەی ڕوون بکەینەوە. هونەری وێنەکێشان لەئەنجامی پێویستیی خەڵك بۆ لەیەکتر گەیشتن سەریهەڵدا. ئەمەش پێش پەرەسەندنی نووسین بوو، ئەوکات خەڵك وێنەو ڕەمزیان بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانیان بەکاردەهێنا. بازرگانەکان بینییان کە ئەو وینەو ڕەمزانەی بەکاریان دەهێنا بۆ گوزارشتکردن

لە کاڵاکانیان، دەبووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بازرگانی ڕێگای حەریر ی نێوان وڵاتی چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت نەیدەتوانی بە زمانی هەموو ئەو نەتەوانە قســـە بکات کە شــارەکانیان لەو ڕێگایەدا بوو، بۆیە پەنایان دەبردە بەر وێنەو نیشــانە بازرگانییەکان کە بەســەر کاڵاکانەوە هەڵدەواسران.

ئەم وێنە بازرگانییانە بنچینەی هونەری گرافیك بوون لە ڕۆژهەلاتی ناوەراســـتدا. بەڵام لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا پێناسەی گرافیك تا کۆتایی سەدەی نۆزدە بەو شێوە فراوانە ناسراو نەبوو. ئەوکاتە وێنەکێشانی ڤیکتۆری هەبوو کە لە یەکەم پێشـــانگای جیهاندا لە 1851 نمایش کران. ئەو کات شـــاژنە ڤیکتۆریاو شـــا ئەلبەرتی هاوســەری، وڵاتانی جیهانییان بانگهێشــت کرد تا پێشــکەوتنە زانسـتی و تەکنۆلۆژییەکانی خۆیان نمایش بکەن. زۆربەی ئەو پێشـــکەوتنانە پەیوەســـت بوون بە چاپەمەنییەوە، بەکارهێنانی ڕەنگ و ڕێکی نووســین و وێنەی فیتۆگرافی. زیاتر لە شــەش ملیۆن کەس ســەردانی ئەو نمایشــەی کرد و بەرهەمەکانی دیـت. هونـەرمەنـدان تـا ئەمڕۆش وێنە بەکـاردەهێنن بۆ ســـەرنج ڕاکێشـــانی خەڵـك بۆ کـاڵاکـان و خزمەتگوزارییەکان. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هونەرە وێنەییەکان زیاترو زیاتر بەرەو پێشەوە دەچن.

**پێناســەی گرافیك:** گرافیك بەوە دەناسـرێت: کۆی ئەو تەکنیکانەن کە ڕاسـتییەکان لە شـێوەی هێڵ و وێنەو شـــێوە و ڕەمزی ئەندازەییەوە دەردەبڕن. پســـپۆرییەکی فراوانە و لقێکە لە لقەکانی زانین. تایبەتمەندە بە داهێنانی بینراو و زۆر لایەن دەگرێتەوە، لەوانە: دەرهێنانی هونەری و پیتچنین و ڕێکخســـتنی لاپەڕە. ئەو هونەرە لە میانی دیزاین و وێنەکانەوە کەسێتی خاوەنی کارەکان دەردەخات.

## <u>**کورتەیەکی مێژوویی:**</u>

مێژووی چاپەمەنی بۆ ســـەردەمی مرۆڤی کۆن دەگەڕێتەوە کاتێك وێنەی لەپی دەســـتیان بە خوێنی ئاژەڵی ڕاوکراوەوە بە دیواری ئەشـکەوتەکانەوە دەنەخشـاند. لە وڵاتی عیراقی کۆندا هونەری دروسـتکردنی مۆر باو بووە، مۆر شێوەی تەخت و شێوەی لوولەکیی هەبووە. ئەو هونەرە بەشێکی پەیوەندی بە پەیکەرتاشییەوە هەیە، بەڵام توانایەکی گرافیکی وردیشـی تێدایە لە پڕکردنەوەی بۆشـاییەکان و نەخشـاندنەکان چ لە وێنەی مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ یان ڕەمزە بەکارهاتووەکان. لە ئاستی کۆمەڵگەدا ئەم هونەرە بۆ نەخشـاندنی قوماش

بەکارهاتووە، قاڵبی دارین بەکارهاتووە بۆ دروستکردنی نەخش و نیگار لەسەر کوتاڵ و جل و بەرگ. ئەو هونەرمەندەی ئەو کارەی دەکرد پێی دوگوترێت وێنەکێش (الرسام)، ئەو نازناوە لە کۆنەوە لە شاری موسڵ هەبووە و چەند خێزانێکی پێ ناسراوە. لە هەندێك شوێنی تردا بە (البصام) ناسراوە، ئەویش ئەوکەسەیە کە جلوبەرگ و مافوور و ئاڵای بە ڕەنگاوڕەنگی چاپ کردووە.

هونەری گرافیك

هونەر: هونەر بریتییە لە دەربڕینی بەرجەستەی داهێنان لە کلتووری کۆمەڵگە مرۆییەکاندا. پێکهێنە سەرەکییەکانی هونەر بریتین لە: هونەری بینراو، بە هەموو بەشەکانی بیناسازی و سیرامیك و وێنەکێشان و فلیمسازی و وێنەگری و پەیکەرتاشی . هەروەها هونەر ئەدەبیش دەگرێتەوە: بەهەموو بەشەکانی خەیاڵ و دراما و شیعر و پەخشان و شانۆنامە، هەروەها هونەرەکانی نواندن: وەك سەما و مۆسیقاو شانۆگەری. بەگشتی، هونەری گرافیك بەشێکی گرنگی هونەرە. پێناسەی هونەری گرافیك لێکچوونی هەیە لەگەڵ پێناسەی هونەرەکانی زەخرەفەو نەخشاندن، ئەو هونەرانەی بەبەکارهینانی هەرکەرستەیەك خەیاڵ و داهێنان برهەم دێنن، لە خەیاڵ و داهێنانی تاکە کەسەوە بەرهەمدێن، پیناسەی ئەم هونەرانە، بەشێکە لە پێناسەی هونەری گرافیك.

پێناسەی هونەری گرافیك:

گرافیك لەڕووی دەستەواژەوە لە وشەی گرافیکسو ی یۆنانییەوە هاتووە، ئەو وشەیە واتای نووسین و وێنەکێشان دەگەیەنێت. وشەکە بنەمای هونەری گرافیکی کۆنە، دەکرێت لە پێناسەی هونەری گرافیکدا بڵێین: بریتییە لە کۆی ئەو هونەرە جوان و جێبەجێکارییانەی کە بەبەکارهێنانی ئامرازی تایبەتەوە وێنەو نووسینی هەڵکەنراو یان چاپکراو بە ڕووتەختێکی وەك کاغەز یان قوماش یان تەختە یان دیوارەوە دەلکێنێت، هەروەها ئەم هونەرە توخمە وێنەییەکانی وەك نووسین و وێنەو جیاوازیی ڕەنگ و جیاوازیی ریتم لە کتێب و ڕاگەیەنراوو ریکلام و ناونیشانی فیلم و هاوشێوەکانی دەگرێتەوە. هەندێك لە سەرچاوەکان پێناسەی گرافیك تا ئاستی لێڵی و ناڕوونی فراوان دەکەن. چونکە هەموو هونەرێکی دوو دووری دەگرێتەوە، وەك: چاپەمەنی و نووسین و دیزاینی گرافیکی و بۆیەو وێنەگری فۆتۆگرافی، لەکاتێکدا ئەم هونەرە بەلای هەندێکی ترەوە هونەری گرافیك تەنیا ئەو نموونانە دەگرێتەوە کە لە سکە دەدرێن یان چاپ دەکرێن.

بنچینەی مێژوویی هونەری گرافیك: ناکرێت وردەکاریی پێناسەی هونەری گرافیك بەبێ ڕۆچوون لە بنچینە مێژووییەکەی ڕوون بکەینەوە. هونەری وێنەکێشان لەئەنجامی پێویستیی خەڵك بۆ لەیەکتر گەیشتن سەریهەڵدا. ئەمەش پێش پەرەسەندنی نووسین بوو، ئەوکات خەڵك وێنەو ڕەمزیان بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانیان بەکاردەهێنا. بازرگانەکان بینییان کە ئەو وینەو ڕەمزانەی بەکاریان دەهێنا بۆ گوزارشتکردن لە کاڵاکانیان، دەبووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بازرگانی ڕێگای حەریر ی نێوان وڵاتی چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیدەتوانی بە زمانی هەموو ئەو نەتەوانە قسە بکات کە شارەکانیان لەو ڕێگایەدا بوو، بۆیە پەنایان دەبردە بەر وێنەو نیشانە بازرگانییەکان کە بەسەر کاڵاکانەوە هەڵدەواسران.

ئەم وێنە بازرگانییانە بنچینەی هونەری گرافیك بوون لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا. بەڵام لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا پێناسەی گرافیك تا کۆتایی سەدەی نۆزدە بەو شێوە فراوانە ناسراو نەبوو. ئەوکاتە وێنەکێشانی ڤیکتۆری هەبوو کە لە یەکەم پێشانگای جیهاندا لە 1851 نمایش کران. ئەو کات شاژنە ڤیکتۆریاو شا ئەلبەرتی هاوسەری، وڵاتانی جیهانییان بانگهێشت کرد تا پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژییەکانی خۆیان نمایش بکەن. زۆربەی ئەو پێشکەوتنانە پەیوەست بوون بە چاپەمەنییەوە، بەکارهێنانی ڕەنگ و ڕێکی نووسین و وێنەی فیتۆگرافی. زیاتر لە شەش ملیۆن کەس سەردانی ئەو نمایشەی کرد و بەرهەمەکانی دیت. هونەرمەندان تا ئەمڕۆش وێنە بەکاردەهێنن بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵك بۆ کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکان. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هونەرە وێنەییەکان زیاترو زیاتر بەرەو پێشەوە دەچن.

پێناسەی گرافیك: گرافیك بەوە دەناسرێت: کۆی ئەو تەکنیکانەن کە ڕاستییەکان لە شێوەی هێڵ و وێنەو شێوە و ڕەمزی ئەندازەییەوە دەردەبڕن. پسپۆرییەکی فراوانە و لقێکە لە لقەکانی زانین. تایبەتمەندە بە داهێنانی بینراو و زۆر لایەن دەگرێتەوە، لەوانە: دەرهێنانی هونەری و پیتچنین و ڕێکخستنی لاپەڕە. ئەو هونەرە لە میانی دیزاین و وێنەکانەوە کەسێتی خاوەنی کارەکان دەردەخات.

============المحاظرة الثانية......

<u>تەکنیکەکانی هونەری گرافیك</u>

بە گشتی تەکنیکەکانی چاپەمەنی کۆمەڵێك کردار دەگرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی تابلۆی چاپکراو لە کەرستەی جیاجیای وەك کاغەز و بۆیەو ترشە کیمیاییەکان و مادەی تر. لەڕووی بەرهەمهێنانی چاپەوە دووجۆر سیستەمی چاپکردن هەیە:

چاپی ڕاستەوخۆ: لەم جۆرەیاندا هیچ کەرستەیەکی یارمەتیدەر ناکەوێتە نێوان کاغەزی چاپەکەو ڕووتەختی ئامێری چاپکردنەکە. بەرهەمی ئەم جۆرە چاپە یان هەڵکەنراو دەردەچێت یان شێوەی قۆقزی دەبێت و هەڵدەتۆقێت.


چاپی نا ڕاستەوخۆ: لەم جۆرە چاپەدا ناوگرێك دەکەوێتە نێوان کاغەزی چاپکراوو ڕووتەختی ئامێری چاپکردنەکە، ئەم ناوگرە پێی دەگوترێت (البلانكيت)، ئەویش ناوگرێکە لە ماددەیەکی جیڕ دروستکراوە لە ناو ئامێری ئۆفسێت دەکەوێتە نێوان ڕووتەختی ئامێرەکەو کاغەزی چاپکراو، وێنە لە ئامێرەکە بە هەڵگەراوەیی وەردەگرێت و بەشێوەی ڕاستکراوە دەیخاتە سەر کاغەزەکە.

<u>جۆرەکانی چاپکردن:</u>

چاپکردن چەند جۆرێکی سەرەکیی هەیە، هەندێك جۆری لاوەکیشی هەی. جۆرە سەرەکییەکانی ئەمانەن:

چاپکردنی دەرکەوتوو (بارز): ئەمەیان جۆرێکی کۆنی چاپکردنە، پیتەکانی چاپەکە یان شێوەکانی لە کانزا یان لە پلاستیکی ڕەق دروستکراون، ئەم پیت و شیوانە بە بۆیە ڕەنگدەکرێن ئینجا بەفشارکردن دەخرێنە

**سەر ڕووی کاغەز**. چینییە کۆنەکان هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا ئەم ڕێگایەیان بەکارهێناوە. لە چاپەمنی نوێدا ئەم ڕێگایە لە سەدەی پانزدەوە بەکاردێت، ئەم شێوازە پێنج سەدە بەردوام بوو. لەم جۆرە چاپەدا خامی جیاجیا بەکادێت، چاپکردنی دەرکەوتوو پێویستی بە رووتەختێکی پتەو هەیە جا لەهەر ماددەیەك بێت. هونەرمەند ئامێرەکانی هەڵکەند بەکادێنێت و ڕووتەختی ماددەکە بەهۆی هەڵکەندنی نووسین و نەخشەکانەوە بەرزونزم دەبێت. لە ئەنجامدا ئەو نووسین و شێوەیە دروست دەکات کە مەبەستییەتی. بنەمای سەرەکیی ئەوکارە بریتییە لە لابردنی بەشێك لە ڕووتەختی تابلۆکە ئەو بەشە لادەبرێت کە لە نووسینەکە یان لە وینەکەدا نییە. بۆیە وینەکە یان نووسینەکە بە بەرزی دەردەکەوێت و ڕووتەختی تابلۆکەش بەهۆی هەڵکەندنەکەوە نزم دەبیتەوە. ئەو کارە لەسەر تەختەو لەسەر لینۆلیۆم دەکرێت. ئەو بەشەی هەڵدەکەنرێت دەبێتە رووتەختی تابلۆکەو ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە نیگارە خوازراوەکە. لەم کارانەدا تەختەو کانزاو کاوجیك و گەچ بەکاردێن. گرنگ لە کارەکەدا ئەوەیە ڕووتەختی چاپەکە دوو ئاست بێت. ئاستە دەرکەوتووەکە ئەوەیە کە چاپ دەکرێت و بۆیەی پێوە دەلکێت. بۆیەکردنی ئەو رووتەختە بە ئامێرێك دەبێت کە لوولەکییەو لە پێست یان لە هەرماددەیەکی جیر دروستکراوە پێی دەگوترێت (ڕۆلە). ئاستە نزمەکانی ڕووتەختەکە بۆیەی پێوە نالکێت. لەکاتی چاپکردندا ئەو بۆیەیەی بە ئاستە بەرزەکانەوە لکاوە دەکەویتە سەر ڕووی کاغەز. وەك لەم وێنەیە:



چاپی دەرکەوتوو بە دابەشکردنی بۆیە (مرەکەب) لەسەر ڕووتەختەکە جیا دەکرێتەوە. واتە گرنگە هەموو لایەکانی ڕووتەختەکە بە خێرایی و هاوڕێکی فشار بخەنە سەر کاغەز، هەروەها گونجاوبن لەگەڵ قەبارەی کارە چاپەمەنییەکە وەك لە وینەی (2) دەردەکەوێت. ئەم تەکنیکە دوو شێوەی هەیە. شێوەی دەستکرد و شیوەی میکانیکی. وەك لەخوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

1- شێوە ی دەستکرد: : هەڵکەند لەسەر تەختە بە هەموو شیوەکانییەوە، هەڵکەندن لەسەر کاوجیك ... دواتر بە وردی باسی دەکەین.
2- ڕێگای میکانیکی: ئەمەش دووجۆری هەیە: کلێشەی هێڵی و کلێشەی تۆڕی.

بۆیە (مەرەکەب) ی چاپکردن: ئەمیش دووجۆری سەرەکی هەیە:

یەکەمیان: بۆیەی ئاوی: ئەم جۆرەیان لە ئاودا دەتویتەوە و لە مادده نەوتییەکاندا ناتوێتەوە. ئەم جۆرە لە چلپی ئاوریشمی بەکاردێت بۆ چاپکردنی قوماش و تەختەو کولگراف.

دووەمییان: بۆیەی نەوتی: ئەم جۆرەیان لە مادده نوتییەکاندا دەتویتەوە و لە ئاودا ناتوێتەوە. لە چاپکرد لەڕووی زینك و تەختەو ئەلەمنیۆم بەکاردێت.

لە ڕووی ڕەنگەوە دوو پۆلی بۆیە هەیە: بۆیەی ڕەنگاورەنگ و بۆیەی ڕەش و سپی.

تەکنیکەکانی چاپی دەرکەوتوو:

تێبینی: تەختەو بورەك و کاوجیك هەمان ڕێگای هەڵکەندنن. بۆیەی چاپەکە بە ڕووە بەرزەکەوە دەلکێت.

تەکنیکی بەکارهێنانی شووشە وەك ڕووتەختی چاپ:

1- قەبارەی کاغەز: A4 , A3
2- هەردەم وێنەکە لە ڕووتەختەکە بچووکتر دەبێت.
3- چاپکردن بەهۆی شووشەوە، بەندە بە ڕووبەری ڕووتەختەکە نەك بە هێڵەکانی نیگارەکە. واتە بەندە بە ڕێگای ڕەنگکردن بە هۆی فڵچەوە نەك بە بەکارهێنانی هێڵەکاری و هەڵکەندنی نەخش و نیگار لەڕووی شووشەکە.
4- بۆیەی زەیتی بەکاردێت.

ڕێکارەکانی:

وێنەیەکی ڕەنگاورەنگ بێنە و بیخە ژێر ڕووتەختی شووشەکەوە، دەبێت وێنەکە لە شووشەکە بچووکتر بێت، بە هۆی فڵچەوە وێنەکە وەك خۆی لەڕووی شووشەکە دروستبکە. بەڵام بۆشاییەکی بچووك لەنێوان ڕەنگەکان بەجێبهێڵە بۆ ئەوەی بەریەك نەکەون و تێکەڵ نەبن. ئینجا کاغەزێك بخە سەر شووشەکە و دواتر بە هێمنی لایبەرەو لە شوێنێك دایبنێ تا وشك دەبێتەوە. ئینجا وەك تابلۆ بیخە سەر دیوار.

تەکنیکەکانی چاپکردن لەڕووی کاوجیك:

پارچەی کاوجیك بەقەد لاپەڕەی A4 ە، لاپەڕەیەکی کاربۆن دەهێنین لەسەر پارچەی کاوجیکەکەی دادەنێین، ئەو وینەیەی کە مەبەستمانە لەسەر کاربۆنەکە بە تێپ چەسپی دەکەین، ئینجا وێنەکە بە قەڵەم تۆخ دەکەینەوە بەهۆی کاربۆنەکەوە لەسەر کاوجیکەکە دەردەچێت. پاشان بە وردی ئەو شوینانەی کاوجیکەکە هەڵدەکۆڵین کە بە سپێتی ماونەتەوە. ئەو شوێنانەش کە وینەکەیان لەسەر دەرچووە بە قەلەم جافێك تۆخی دەکەینەوە. ئینجا بەهۆی فڵچەیەکەوە بۆیەی ڕەش دەخەینە سەر ڕووتەختی کاوجیکەکە تا کەلێن و چاڵایی نەخشەکان پڕ بۆیە دەبێت. پاشان بە چارچەیەك شاش بەنەرمی ڕووی کاوجیکەکە خاوێن دەکەینەوە و بۆیەکە لەناو کەلێنەکان دەمێنێتەوە.

تەکنیکی هەڵکەندن لەسەر قاڵبی تەختە.

تەختەدار لە مادده نوێیەکانی چاپەمەنییە. مەرجی ئەوەیە ڕووتەختی تەختەکە ڕاســـت بێت و ڕیشـــاڵی تەختەکە نەرم و بەهێز بن. نەرم بن بۆ هەڵکەنـدن و بەهێزبن بۆ پـاریزگـاری لە لێوارەکـانی نەخش و نیگارەکە تا لەکاتی چاپکردندا پاریزراو بن و تیکنەچن. تەختە بۆ ماوەیەکی زۆر بە ســاغی نامێنێتەوە و دەرز دەبات. تەختەی سنۆبەر بۆ چاپکردن لە هەموو جۆرەکانی تەختە بەناوبانگترە، بەرگەی پلەی گەرمیی بەرز ی فڕنی وشـك کردنەوە دەگرێت و گرێی تێدا نییە. چاپکردن لەســەر تەختە لە سـەردەمی رێنیسـانس ســـەریهەڵداو بەهۆی حەزی ئارەزوومەندانی ئەو کارە، بە فراوانی بڵاوبوویەوە. لە ســـەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا بە فراوانی لە ئیتاڵیاو باکووری ئەورووپا بڵاوبوویەوە. وەك ئامرازێکی جێگرەوەی هەرزان لەجێی وینەکێشـــانی ورد بەکار هات. هەروەها لەجیاتی دەســـتنووس بەکارهات. بەناوبانگترین هونەرمەندانی چاپەمەنی بەهۆی تەختە (دورير) ی هونەرمەندە. ئەو توانی زۆر کاری جوان بەهۆی تەکنیکی هەڵکەندنی ڕووتەختی تەختەدارەوە بەرهەم بهێنێـت. بە ئـاســـتێکی زۆر بەرزەوە توانی جیـاوازی هێڵیی نیوان هەردووڕەنگی ڕەش و ســـپی دەربخات. هەروەك چوارده چاپی تەختەی بە رووبەری گەورە بەرهەم هینا کە تابلۆکانیان باس لە کۆتایی جیهان دەکەن. یان باســـی هاتنی ســـرووش دەکەن بۆ یۆحەنای پیاوچاك. هەروەها ئەو تـابلۆیـانە لە کتێبی پیرۆز بە کوالیتی زۆر بەرز چاپ کراون. هەروەها لەکـارەکـانی تری، چوار ئەسپ سوارەکە و کاری تر.

بۆ چاپکردن بەهۆی ڕووی تەختە، ڕووی تەختەکە هەڵدەکۆڵین بەو شـــێوازانەی باون، ئینجا بۆیە دەخەینە سـەر ڕووی قاڵبە تەختە هەڵکەنراوەکە، پاشـان کاغەز دەخەینە سـەر ڕووی تەختەکەو فشـار دەخەینە سـەر دیوی پشتەوەی کاغەزەکە.

داری سنۆبەر

لە دارە نەرمەکانە، ســـەرچاوەکەی درەختە گەڵا دەرزییەکانە کە لە ناوچە ســـاردەکان زۆرن بەتایبەتی باکووری ئەورووپا. ئەم جۆرە پێی دەگوترێت سنۆبەری باکوور، بەردەوام سەوزەو زۆر بەرزە، قەدەکەی لە دارە راتنجییەکان دەژمێردرێت. دوو جۆری هەیە: سـپی زەردباو، هەروەها سـوور کە زۆرتر بەرچاو دەکەوێت. هەرچەند ڕەنگەکەی تاریکتر بێت، ئەوا جۆرەکەی باشترە.

لە لاپەڕەیەك، زۆربەی هونەرمەندان چاپکردنی بەدەســتیان بەلاوە پەســەندترە. هۆکارەکەشــی زاڵبوونیانە بەسەر کارەکەو هەستیارییە لە دانانی بۆیە. ئەو ئامرازەی بۆ پەستاوتن بەکاردێت دەبێت لێوارەکانی چەماوە بێت وەك مڵاك بۆئەوەی کاغەزەکە نەخزێت. دەبێت ڕووی پشـــتەوەی کاغەزەکە باش خۆش کرابێت و دەبێت بە وریاییەوە هیچ کەلێنێك لەژێر کاغەز و قاڵبە دارەکە لەبیر نەکرێت. دەکرێت مڵاکەکە کانزایی بێت یان لە دار یان لە خەیزەران دروســـتکرابێت. ئەو ئامێرەی کە بە تایبەتی بۆ ئەوکارە دروســـتکراوە بریتییە لە (بـارۆنی یـابـانی) ئەویش ڕووتەختێکە لە پـارچە تەختەی ڕێـك و پێچراو بە گەڵای خەیزەران دروستکراوە. بەڵام ئەم بارۆنی یابانییە بە ئاسانی دەستناکەوێت.



دار بەپێی چۆنییەتی برینی بۆ تەختە دووجۆری هەیە:

1) هەڵکەندن لەسەر تەختەی درێژەبڕگەیی. Wood Engraving – End

لە سەدەی هەشتەم لە ڕۆژهەڵات دەرکەوتووە. دواتر پاش ماوەیەکی زۆر لە سەدەی پانزدەیەم لە ئەورووپا دەرکەوت. زۆرێکی وەك (شاراز کین) لە بەریتانیا و (دوریە) لە فەرەنسا بەکاریان هێنا. یەکەمین ئەو کارانەی لە چاپی تەختە دەرکەوتن، تواناکانیان سنووردارن. ڕووبەری فراوان چاپ ناکەن، هەروەها تەختەی درێژەبڕگە بەرگەی فشارخستنەسەر ناگرێت. بۆیە چەند کۆپییەکی کەم بەرهەم دێنێت. بۆیە لەسەر ڕووی تەختە هەڵکەنراوەکە پەرت دەکرێت پاشان کاغەزی لەسەر دادەنرێت و فشار دەخرێتە سەری بە کەپس کردن یان بە دەست. لە هەڵکەندنی ڕەنگاو ڕەنگیشدا هەمان کردار دووبارە دەکرێتەوە بەڵام دەبێت بۆ هەر ڕەنگێك پارچە تەختەیەکی جیاواز هەڵبکەنرێت.

2) هەڵکەندن لەسەر تەختەی پانەبڕگەیی. Wood Engraving – End

داهێنەری ئەم جۆرە وێنەیە، وێنەکێشی ئینگلیزی (تۆماس بیورك)ە کە لەسەر زینك وێنەی دەکێشا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم. تەختەی پانەبڕگەی لەقەدی درەخت بەکارهێنا بە پێچەوانەی زۆربەی هونەرمەندان. بۆی دەرکەوت کە پانەبڕگە پتەوترەو کەمتر دەقلیشێت و ئاسانتر هەڵدەکەنرێت، هەروەك لەوحی زینك وایە. ئەو دارە بەوە جیادەکرێتەوە کە بەهێزترە، بۆیە بۆ وێنەی وردەکار زۆر باشترە و کۆپی زۆرتریش بەرهەم دێنێت. بەم بەرەوپێشەوەچوونە، دیاردەی بەکارهێنانی هەندێك توخمی هونەری هەڵکەندن و نەخشاندن لە هونەری وێنەکێشی و پەیکەرتاشی و گرافیك دووبارەبوویەوە. بەمەش ئەم هونەرە توانی دووبارە لە ئاستی هەڵکەندن و نەخشاندندا بگاتەوە ئاستی سەردەمی (دوریر) و (کراناخ). ئەو ئەزموون و سەرکەوتنانەی ئەو ماوەیە بەرهەمی هێنان، زۆربەرزن و پڕن لە زیندوویی.
کاریگەرییان بۆ نەوەی دوای خۆیان مایەوە. ئەم چەشنە لە هونەری گرافیك پێی دەگوترێت (بڕگەی هێڵی سپی). لە ساڵی 1840 ەوە بووەتە شێوازێکی سەربەخۆی جیاوازی وێنەو هێڵکاری کتێب و گۆڤارەکان. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو شێوازە نوێیە، دەستەواژەیەکی نوێ لەدایك بوو، ئەویش هونەری وێنەکێشی و هەڵکەندنی ڕەنگاوڕەنگە (گرافیکی ڕەنگاوڕەنگ)، ئەم ڕێگایە پشت بە کاریگەرییەکانی ڕەنگەوە دەبەستێت بۆ وێنەکێشانی شێوەیەك لەسەر بنەمای بەهای ڕەنگی. هەروەها ناولێنانی ڕەشوسپی یان تۆخ و کاڵ، لە هەمان شێوازدا بەکارهاتن. بەڵام لە یابان لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، سەرەتایەکەی چەند ڕەنگێکی دەگرتەخۆ، بەجۆرێك بۆ هەر ڕەنگێك تەختەیەك هەڵدەکەنرا ( block) ، بە فشاری دەست چاپدەکرا، هەروەها هەڵکەند لەسەر تەختە لە وڵاتی چین بۆ وێنەی ڕەنگاورەنگ بەکارهاتووە.

دوای ئەوەی هەموو قاڵبەکانی چاپی ڕەنگاوڕەنگ هەڵدەکەنرێن، فشاردەخرێتە سەر کاغەزو بەدەست چاپدەکرێت، کە بەرزدەکرێتەوە رەنگی یەکەم چاپدەبێت. باش وایە لەسەر هەموو کاغەزەکان ڕەنگی یەکەم چاپ بکرێت و ماوەی پێ بدرێت تا وشك بێتەوە. هەمان کار دووبارە دەکرێتەوە بۆ ڕەنگەکانی تر بەبەکارهێنانی تەختەکانی تر وەك لەوێنەی (3) دەردەکەوێت. پێویستە بۆیەکان بەرێژەی زۆر دانەنرێن. شارەزایی ئەم چەشنە چاپە ڕەنگاوڕەنگە لە ڕۆژئاوادا هاوشێوەی نییە. .. چونکە چاپەکان لەڕووی جێبەجێکردنەوە زۆر جیاوازن. هەروەك هێلکاری و شێوازی هونەری نەخشاندنی بەرزی، کردوویەتییە خاوەن کاریگەری و ناوبانگێکی تایبەتی بەسەر هونەری ڕۆژئاواییەوە لەرێگەی هونەرمەندە ناسراوەکانی وەك (ڤان کوخ) و (کوکان) و (ویسنلر).



هەڵکەند لەسەر ڕووی گەچ: Gresso Plastter print

یەکێکە لە شێوەکانی هەڵکەندنی (کامبو) کە پارچەیەك لە گەچ بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەو وێنەیە هەڵدەکەنرێت کە چاپدەکرێت. دەبێت ڕووی گەچەکە ڕاست بێت و خۆشکرابێت و بڵق و هەڵتۆقینی لەسەر نەبێت. هەروەها دەبێت وشك بێت و بەهێزبێت بۆئەوەی بتوانین هەڵکەندنی لەسەر ئەنجام بدەین.
ڕووتەختی گەچ توانای هەڵکەندنی زۆرە و ئازادییەکی زیاتر بە هونەرمەند دەدات لە دەرخستنی هێڵ و چاڵەکان و دەرخستنی بەرجەستەی ڕووبەر و شێوەکان. شێوە هەڵکەنراوەکان لەوانەیە هێڵی بەیەکگەیشتوو یان لێکترازاو بن، یان خاڵ و بازنەی بچووك بن. هەرچەند کرداری هەڵکەند زیاتر بێت، ڕووبەرەکەی زیاتر دەبێت و ڕەنگە چاپکراوەکە کاڵتر دەبێت. پێچەوانەکەشی ڕاستە. هەروەك لە تەکنیکەکانی تری چاپی دەرکەوتوو ئەم شتە ڕاستە.

هەروەك دەکرێت خستنەڕووی جۆراوجۆری ڕەنگەکان لەم بارەدا ئەنجام بدرێت بەجۆرێك هەموو ڕووتەختەکە بە ڕەنگێکی تاریك دابپۆشێت بۆئەوەی بەشە هەڵکەنراوەکان لە بەشە هەڵنەکەنراوەکان جیابکاتەوە. هەروەها بۆ مخستنی ئاستەکانی ڕەنگ و ئاسانکردنی کارتێداکردنی. بەڵام وێنە هەڵکەنراوەکە کاری هونەرمەندەو بۆئەو جێدەهێڵرێت. هەندێ جار هەردوو شێوازەکە تێکەڵ دەکرێن بە چارەسەرکردنی ناوچەکانی ڕووناکی یان کاڵی بە هەڵکەندنی جۆراوجۆر بەپێی ئاستی ڕەنگی داواکراو، هونەرمەند ئازادە هێلکارییەکەی تەنیا بە هێل دەربخات چونکە ئامانجەکەی شێوازی کارەکەی دەستنیشان دەکات.

قاڵبی گەچ plaster or gypsum block engraving

ئەمەیان تەکنیکێکی سادەیە بۆ فێرکردن بەکاردێت و زۆر تایبەتمەندی دەگرێتەخۆ بۆئاسانی کارکردن و بەرگەگرتنی بۆ گوزارشتی ئیستاتیکی بە زۆر شێواز.

تێکەڵەیەکی ئاو و گەچ بە ڕێژەی 1 بۆ 2 بکە ناو چوارچێوەیەکی تەختەیی بەپێی ئەو درێژی و پانییەی داواکراوە. ناوەوەی تەختەکە چەور بکە بۆئەوەی گەچەکە پێوەی نەنوسێت. ئەو چوارچێوەیە لەسەر ڕووتەختی شووشەیەك دابنێ بۆئەوەی گەچەکە ڕووتەخت و ڕێك و لووس بەرهەم بێت. ئەستووری گەچەکە 2سم بێت. کە وشك بوویەوە بە بۆیەیەکی ئاوی ڕەنگی بکە ڕەنگێك بێت بە ئاسانی لەدەوروبەرەکەی جیای بکاتەوە.

ئەو وێنەیەی دەمانەوێت بە پێچەوانەیی دەیخەینە سەر ڕووی گەچەکە لەچەپەوە بۆ ڕاست. هەموو هێڵەکانی وێنەکە هەڵدەکەنین بەپێی ئەو تەکنیکەی هونەرمەند پێی باشە وەك گەرمکردن و هەڵکەندن بە خاڵ و هەڵکەندنی هێڵ. بۆئەوەی وێنەیەکی فراوانمان دەستبکەوێت دەتوانین چەند پارچەیەك لە گەچ بەکاربهێنین. هەروەها دەتوانین چەند قاڵبێکی هاوشێوە بەکاربێنین بۆ چاپی ڕەنگاوڕەنگ بۆ هەر ڕەنگێك قاڵبێکی تایبەتی هەڵدەکەنرێت و هەریەکەیان یەك لەدوای یەك چاپدەکرێن بۆئەوەی تابلۆیەکی گرافیکی لە دوو ڕەنگ یان زیاتر دەست بکەوێت.

باشتر وایە ڕووی قاڵبی گەچەکە دوای هەڵکەندنی بە بۆیەیەکی چەور بۆیە بکرێت بۆئەوەی بۆیەی چاپەکە نەمژێت. ڕووتەختی قاڵبە ئامادەکە بە بۆیە دەکەین و کاغەزی دەخەینەسەر و وێنەکە دەردەچێت.
هونەرمەند بە قەڵەم واژووی لەسەر دەکات و ژمارەی کۆپییەکە دەنووسێت بۆنموونە 2 لە 15 واتە وینەی دووەم لە کۆی 15 وینەی چاپکراو.

هەڵکەندنی ڕووی قاڵبی گەچ هەندێك لایەنی خراپی هەیە. یەکەمیان بەئاسانی لەناودەچێت و دەشکێت و ڕووەکەی تێکدەچێت. بەمەش وێنەی باشی لێ بەرهەم نایەت. هەڵکەندنی سپی و وازهێنان لە ڕەش.





گرفتەکانی چاپ بە گەچ ئەمانەن:

1- ڕووتەختی گەچ تواناى نییە پارێزگاری لە بۆیەی چاپکردنەکە بکات بەبێ ئەوەی بیمژێت. ئەمەش وادەکات ڕەنگی چاپەکە کاڵ بێت.
2- لەڕووی میکانیکییەوە ئەنجامەکانی کاریگەرنین.
3- گەچ ناتوانێت ڕووتەختی خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر بپارێزێت و دانەخورێت.

چاپکردن لە ڕووی کانزا:

1- پشت بە هێڵ دەبەستێت نەك ڕووبەر.
2- هێڵکاری بە یارمەتی قەڵەمی فرجال و دەرزی دەکرێت.
3- ڕووتەختەکە 5سم لە کاغەزەکە گەورەتر دەبێت لە هەرچوارلاوە.

ڕێگای کارکردن:

کاربۆن لەسەر کانزایەکە بەتێپ چەسپ دەکەین ئینجا وێنەکە لەسەر کاربۆنەکە چەسپ دەکەین. پاشان بە قەڵەم جافی ئاوت لاین وێنەکە دەکێشین. ئینجا کاربۆنەکە بەرزدەکەینەوە و وێنەکە لەسەر کانزاکە دەردەکەوێت. ئینجا بەدەرزی ڕووی کانزاکە هەڵدەکەنین.